# چەند دیمەنێک لەکوردستاندا

## دیمەنی پێنجەم

## (زۆربەی بەرپرسەکان بەوشێوەیە بڕوانامەکانی خۆیانیان بەدەست هێناوە)



دەرسیم دیبەگەیی
Darsim88@hotmail.com
1.8.2005

لەدوای سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێی کوردستانو هاتنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لەناوەڕاستی ساڵی 1976دا بۆ گۆڕەپانی تێکۆشان، هەر ئەندامێک لەئەندامەکانی کۆمەڵە یاخود پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە، خۆیان بەمارکس نەدەگۆڕییەوە. مارکس لەئاست ئەواندا شەرمەزار بوو، ئەو دانەری ڕێبازی مارکسیەتو ئەوانیش بەناو هەڵگرانی ئەو بیروباوەڕە، کەچی بەقسە ئەوان هەزاران جار زیاتر لەمارکس مارکسی ترو بەپەرۆشی پراکتیسەکردنی ئایدیۆلۆژیاکەی ئەو بوون.

بەقسە زلەکانی خۆیان هەموو خەڵکیان بێدەنگ کردبوو، کەس ڕووی ئەوەی نەبوو دەربارەی ئایدۆلۆژیای مارکسیەت گفتووگۆیان لەگەڵ بکات، هەروەها هەرچی سیفاتی باشو دەگمەن هەبوو لەخۆیانیان کۆکردبووەوەو بەگژ هەموو کارو سیفاتێکی خراپو ناڕێکدا دەچوونەوە.

بەناو دوژمنی درۆ بوون، گوایە خۆیان زۆر ڕاستگۆنە. وانیشانیان دەدا که قێزیان لەدزیو تاڵان بوو، گوایە خۆیان ئەمینی موئمینینو دەستیان زۆر پاکە. بانگێشەی یەکسانیو ڕاستی پەرستیان دەکردو دوژمنی باوە کوشتەی فرە ژنی بوون، گوایە خۆیان بەتاکە ژنێک ڕادەوەستن. تەقەیان بەفرتو فێڵ وەدەنا، گوایە خۆیان زۆر بەستەزمانو تامی شیری خاو لەدەمیان دێت. مافی مرۆڤو ئازادی دوو دروشمی بریقەدارو بەرزی ئەوان بوون، گوایە زۆر مرۆڤ دۆستو دیموکراتین. وایان لەخەڵک گەیاندبوو کە لەجێبەجێکردنی ئەرکە نیشتیمانیو مرۆییەکاندا خۆیان لەپێشەوەو لەکاتی پاداشتو دەست کەوتەکاندا لەڕێزی هەرە پشتەوە دەوەستن، گوایە خەڵکیان لەخۆیان خۆشتر دەوێتو شەق لەئەنانییەت هەڵدەدەن.

ناڵێم هەموویان، بەڵام زۆریان گورگ بوونو خۆیان لەپێستی مەڕدا شاردبووەوە. هەتا ڕۆژگار وای خواست، بەویستی ڕۆژگار خۆیان نیشانداو هەڵسو کەوتیان کرد. هەر لەدوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئازاری 1991دا، زۆریان گەڕانەوە سەر ئەسڵی خۆیانو ئەو پەندە عەرەبی‌یە لەسەریان پراکتیسە دەبێت کە دەڵێت: (عادت حليمة الى عادتها القديمة). بە هەزارانیان قۆرتیان بۆ نزیکترین کەس لێداو هەزارەها بوختانیان کردو ملی هاوڕێکانی خۆیانیان شکاند، لەپێناوی ئەوەی خۆیان بچنە پێشەوەو لەسەر خوێنی کەسانیتر بەرزببنەوە. نەک هەر دزی، بەڵکو کوردستانیان تاڵانکردو هەتا بەکاولکردنی ژێرخان ڕادەگات سەرخانیش-یان شێواند. زۆریان سەرەڕای فرەژنی، چەندین کچی جوان جوانیان بەناوی سکرتێرە، چێشت لێنەرو هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی بارەگا، وەزارەت یاخود ماڵەوە وەکو کەنیزە ڕاگرت. "مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە"* زۆر لەهەڵگرانی بیرو باوەڕەکەت (بیروباوەڕی پرۆلیتاریا) لە کوردستاندا چەندین خزمەتکارو قاپ شۆرو جل شۆرو پاککەرەوەیان هەیە!!

ئەوەندەی پێیان کرا خەڵکی دڵسۆزو قارەمانیان هەڵخەڵەتاندو کردیانن بەسووتەمەنی شۆڕش، دواتریش خۆیان بوون بەداهێنەری بەرنامەکانی (خیانەت بەرامبەر بەسێکس)، (نان بەرامبەر

بەسێکس)، (زەوی بەرامبەر بەسێکس)، (دامەزراندن بەرامبەر بەسێکس)، (خانەنشینی بەرامبەر بەسێکس)، (دەفتەرە دۆلار بەرامبەر بەسێکس) و چەندین (شتی تریش بەرامبەر بەسێکس). "مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە".

پێم وایە زۆربەیان هەر لەبنچینەدا باوەڕیان نە بە مارکسیەت، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هەر نەبووە، ئەگینا چۆن هەروا ئۆتۆماتیکیو بەئاسانی دەبوون بە یەکێتیو بڕیاری هوڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەیان پەسند دەکرد بێ هیچ بەرەنگارییەک؟ لێرەشدا زۆرینەی نامارکسی، کەمینەی مارکسی بێدەنگ کرد!!

نموونەشم نەوشێروان مستەفا، سکرتێری کۆمەڵەیە کە لە پەرتووکی "لەکەناری دانوبەوە بۆ خری ناوزەنگ" دا نووسیوێتی کە نەباوەڕی بە کۆمەڵەو نە بە کۆمۆنیزم هەبووە، کەچی سەرەتای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەناو یەکێتیی بووەتە نوێنەری کۆمەڵەو دوای شەهید بوونی ئارام-یش بۆتە سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان!! "مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە".

لەسەردانی یەکێ لەو بەرپرسانەی ئەمڕۆی کوردستاندا کەخاوەنی خەباتێکی دوورو درێژی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەو یەکێتییە، خوێندکارێکی پۆلی دووەمی خوێندنی ماستەرنامەیەکم بینی کە بۆ سەردانی ئەو بەرپرسە هاتبوو. دوای کەمێک دانیشتن، خوێندکارەکە بەو بەڕێزەی گوت: (مامۆستا ئەوجارەیان بەکارێکی زۆر تایبەت هاتوومو هەر دەبێت بۆمی بکەیت).

خوا هەڵناگرێت، مامۆستاش بەر لەوەی بزانێت کارەکە چییە، گوتی: (بەسەر چاوان، بیڵێ بزانم چی‌یە؟).

خوێنکارەکە گوتی" (خۆت دەزانی، خوێنکاری قۆناغی دووەمی ماستەرنامەم لەبەشی زانستەکانی کۆمپیوتەرو لەهیچ کام لەخوڵەکانی یەکەمو دووەم دا دەرنەچووم، ئەویش لەبەر ئەوەی مامۆستا (...) کەیفی پێم نایەتو بەئەنقەست لەهەردوو خوڵدا هێشتمیەوە، خۆت دەزانی ئەگەر هیمەتێکم بۆ نەکەیت، ئەوە دوارۆژم فەوتاوە! جا هیوادارم نامەیەک بۆ ئەو مامۆستایە بنووسیت تاوەکو یارمەتییەکم بداتو دەرم چوێنێت).

کاکی بەرپرس دووبارە (بەسەر چاوان)ێکی تری بۆ دووبارە کردەوەو پێنووسەکەی دەرهێناو کاغەزێکیشی ڕاکێشاو کەوتە نامە نووسین.

بەخۆم نەبوو، نەمتوانی دان بەخۆمدا بگرمو ڕووی قسەم کردە ئەو بەرپرسەو گوتم : (بەڕاستی بەداخەوە کاک (.....)، نەمدەزانیو باوەڕیشم نەدەکرد کە خەباتی ڕۆژانی سەختت لەپێناوی ئەوە بوو کە کەسانێکی ناکارامەو شکست خواردوو (فاشل)ی وەکو ئەو برادەرە دەرچوێنیتو بەهۆی ئەویشەوە لەئاستی زانستو زانیاریو خوێندن کەم بکەنەوە. بەڕاستی نەمزانی ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی زیندانی (بەعس)ت لەپێناوی ئەوەبوو کەنامەی پشتیوانی بۆ کەسێک بنووسیت کە نەک هەر شایەنی ئەوە نەبێت، بەڵکو کەسێکی ژێرکەوتووش بێت!!).

برای بەرپرس زۆر تووڕەیی پێوە دیاربوو و باشیش ئێسکی خۆم قورس کرد، کەمێک پارێزگاری لەخۆی کردو گوتی: (خۆ من تاکەکەس نیم لەو نامانە بنووسم، هەموو بەرپرسان دەینووسنو زۆربەی بەرپرسەکان خۆیان بەوشێوەیە بڕوانامەکانی خۆیانیان بەدەست هێناوە).

خوێندکارەکەش لەدەستی بهاتایە، دەمودەست تەواوی دەکردمو گوتی: (کاکە گیان خۆ هەر لەکوردستان وانییە، ئەی ئەو هەموو خەڵکە چی‌یە لەدەرەوەی وڵاتو ئەوڕوپادا بڕوانامەی ساختە لەگەڵ خۆیان دێننەوە؟).

پێیانم گوت: (کاکە گیان، من تۆ دەناسم تۆ ئەو کارەت لەبەردەم من ئەنجام داوە. بەرپرسانی تر دەیکەن، تۆ مەیکە! برادەر تۆش دڵنیا بە لەئەوروپا، ناڵێم ئەوروپای خۆرهەڵات کە بەناوبانگە بەکاری ساختە، لەهەموو ئەوروپا شتی وانییە، دوایی ئەگەر ڕاست دەکەی‌و بەقسەی خۆت گوایە مامۆستا غەدری لێکردووی، بۆ سکاڵایەک نانووسیت بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ؟ یان دڵنیایت، بەسکاڵاکردن دەرناچیت، بەڵام نامەی بەرپرسێک دەبێتە گەرەنتی دەرچوونت؟).

دواتر خۆنیشاندانەکانی خوێندکارانی سلێمانی بۆ داخستنی زانکۆی ئایندە، زۆر دڵخۆشیان کردم، چونکە هەروەکو باسدەکرا زۆر لەو خوێندکارانەی ئەو زانکۆیە، خاوەنی بڕوانامەی ساختە بوون.

بەر لەچەند مانگێکیش، لەوتاری یەکێک لەنووسەرەکاندا کە بەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نیەو لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاوکرابووەوە، باسی ئەوەی کردبوو کە: (دکتۆر کەمال خۆشناو، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، بەئاواتی ئەوە بووە هەرچی زووە بمرێت، لەئەنجامی دابەزینی ئاستی خوێندن‌و زانست‌و دەست تێوەردانی بەرپرسان لەکاروباری زانکۆو ساختەکردنی بڕوانامەکان‌و هەندێک شتی لەوجۆرە).

لەدڵی خۆمدا زۆر بەزەییم بەشەهیدان‌و بەکوردیش هاتەوە، چونکە گەر کار هەروا بڕوات، ئێستاش ئەگەر حکومەتی هەرێم بەتەواوی نەبووبێتە حکومەتێکی مۆبۆکراسی، ئەوە سبەی ڕۆژێ دەوڵەتی کوردستانمان لەسەردەستی ئەو بەرپرس‌و کەسانەی کە بەنامەکانی پشتیوانی دەردەچن، دەبێتە دەوڵەتێکی مۆبۆکراسی!!!!

* (مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە): لەساڵی 1983دا لەئیزگەی دەنگی گەلی کوردستاندا، فەرهاد سەنگاوی بەدەیان جار پڕ بەقوڕگی هاواری دەکرد لەدژی گوایە ڕیڤیژنیستەکانی ناو حزبی شیوعی عێراق (مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە). هەق وابوو، فەرهاد سەنگاوی بەسەدان‌و هەزاران جار "مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە"ی بۆ هەندێک لەبەرپرسانی ناو یەکێتی بگوتایە لەئاست لادانی ئەواندا، نەک تەنیا لەبەر لادانیان لەمارکسیەت، بەڵکو لەئاست لادانیان لەخوورەوشتی شۆڕشگێڕانەو کوردانەیاندا.